جۆسیف پێنینگتۆن

کونسوڵی گشتی



جۆزیف پێنینگتۆن, ئەندامی پیشەیی خزمەتی باڵای دەرەوەیە بە پلەی کۆنسول, لە تەموزی 2013 ەوە وەکو کونسوڵی گشتی لە هەولێر دەست بەکاربوە. پێش هاتنیشی بۆ هەولێر, پێنینگتۆن, وەکو جێگری باڵیۆز لە هەریەکەلە باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا لە پراگ لە کۆماری چیک لە ماوەی نێوان (2010-2013) و لە یەریڤان لە ئەرمینیا لە ماوەی نێوان (2007-2010) کاری کردوە.

پێنینگتۆن, هەروەها وەکو وتەبێژی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئەنکەرە لە تورکیا لەماوەی نێوان (2002-2006) و, کارمەندی بەشی سیاسی و ئابوری لە ناپڵس لە ئیتاڵیا لەماوەی نێوان (2001-2002) و, سەرۆکی نوسینگەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە مۆستەر لەبۆسنەو هیرزوگۆڤین لە ماوەی نێوان (2000-2001) و, کارمەندی بەشی ئابوری لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە سەرایجفۆ لە ماوەی نێوان (1999-2000) کاری کردوە. وەکو کارمەندی بەشی سیاسی و ئابوری لەکونسوڵخانەی ئەمریکا لە ئەدەنە لە تورکیا لەماوەی نێوان (1995-1998) و, لە نوسینگەی کاروباری ئابوری وبازرگانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ماوەی نێوان (1991-1993) و, لە بەشی کونسوڵگەری (ڤیزە) لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە مۆسکۆ لە ماوەی نێوان (1989-1991) کاری کردوە.

پێنینگتۆن دەرچوی زانکۆی ماریلاند بالتیمۆ کاونتیە کە تیایدا بەکالۆریۆسی لەزانستی سیایی بەدەست هێناوە. هەروەها دوابەدوای ئەوەش بڕوانامەی ماستەری لەزانکۆی کۆلۆمبیا لە شاری نیویۆرک لەساڵی (1986) بەدەست هێناوە. پێنینگتۆن, هاوسەرگیری لەگەڵ ئەمبێرین زەماندا کردوە کە پەیامنێری زە ئیکۆنۆمیستە لە تورکیا.